

# دەنگی باڵندەکان لە بەیانیاندا

# Le chant des oiseaux le matin


LIDA Portugal
Vilius Aistis Vilimas
Dler Piran

5
کوردی ckb / français fr



یولیا و مێردەکەی و کچە بچووکەکەیان لە گوندێکی ئارامی بچووک دەژیان لە ئۆکرانیا. یولیا پێی خۆش بوو هەموو بەیانییەک بە دەنگی باڵندەکان خەبەری بێتەوە. هەرگیز پێی وانەبوو کە دوور لە ماڵەکەی دەژی، یان بەیانیان بە دەنگی باڵندەکان بە خەبەرنایەت.

• • •

Yulia, son mari, et leur petite fille vivaient dans un petit village paisible en Ukraine. Yulia aimait être réveillée chaque matin par le chant des oiseaux. Elle n’a jamais pensé qu’elle vivrait loin de chez elle, ou qu’elle ne serait pas réveillée par le chant des oiseaux le matin.



مێردەکەی هەمیشە بۆڵەبۆڵی دەکرد کە پارەی پێویستی نییە و دەستیکرد بە خواردنەوەی زۆر. بڕیاریان دا بەختی خۆیان لە پرتوگالدا تاقی بکەنەوە. لەوانەیە لەوێ بتوانن پارەی زیاتر پەیدا بکەن تا خانوویێک دروست بکەن و داهاتوویەکی باشتر بۆ خێزانەکەیان دروست بکەن.

• • •

Son mari se plaignait toujours de ne pas avoir assez d’argent et a commencé à boire beaucoup. Ils ont décidé de tenter leur chance au Portugal. Peut-être que là-bas, ils pourraient gagner plus d’argent pour construire une maison et un meilleur avenir pour leur famille.



یولیا بەباشی گونجا لەگەڵ ماڵە نوێیەکەی، وە دەستیکرد بە کارکردن وەک پاککەرەوە. کڕیارەکانی بەڕاستی کارکردنە سەختەکەی و ڕەفتارە بەڕێزەکانیان بەرز دەنرخاند. لەلایەکی ترەوە، هاوسەرەکەی زیاتر و زیاتر هەستی بە پشتگوێخراوی کرد. لەبەر کێشەی خواردنەوەکەی، خاوەن کارەکان متمانەیان پێی نەکرد و کاریان پێی نەدەدا.

• • •

Yulia s’est bien adaptée à son nouveau chez-elle, et elle a commencé à travailler en tant que femme de ménage. Ses clients appréciaient beaucoup son dur labeur et sa politesse. Son mari, en revanche, se sentait de plus en plus isolé. À cause de son problème d’alcool, les employeurs ne lui faisaient pas confiance et ne lui donnaient pas de travail.



ڕۆژێک دەستی بە هاوارکردن کرد بەسەر یولیادا. پاشان دەستی بە پاڵپێوەنانی کرد. هاوار و لێدانەکان خراپتر بوون بەتایبەتی لەو کاتانەی سەرخۆش بوو. یولیا لەبەر خۆی و کچەکەی ترسا، بەڵام نەیدەزانی چی پێ دەکرێ.

• • •

Un jour, il a commencé à crier sur Yulia. Puis, il a commencé à la pousser. Les cris et les coups ont empiré, surtout lorsqu’il était saoul. Yulia avait peur pour elle et pour sa fille, mais elle ne savait pas quoi faire.



کاتێک لە کۆتاییدا یولیا پێویست بوو بچێتە ژووری فریاگوزاری لە نەخۆشخانە بە قۆڵێکی شکاوەوە، پێیانگوت کە توندوتیژی خێزانی کێشەیەکی زۆر گەورەیە لە پرتوگال. بە هەمان شێوە پێیانگوت کە ئەوە تاوانە و دەبێ بە پۆلیسی ڕابگەیەنێ.

• • •

Quand Yulia a finalement dû aller aux urgences à l’hôpital avec un bras cassé, ils lui ont dit que les violences conjugales sont un gros problème au Portugal. Ils ont également dit que c’était un crime et qu’elle devrait porter plainte.



یولیا شەکەت بوو و نەیویست کچە بچووکەکەی لە ماڵێک گەورە بێت کە هەموو ڕۆژێک توندوتیژی دەبینی. یولیا درکی کرد کە نیشانەکانی مامەڵەی خراپ بەردەوام هەبوون، هەرچەندە ئەگەر چەندین شێوەی جیاوازیشی وەرگرتبێ.

• • •

Yulia était épuisée et ne voulait pas que sa fille grandisse dans un foyer où elle voyait de la violence tous les jours. Yulia a réalisé que les signes de maltraitance avaient toujours été là, même s’ils ont pris plusieurs formes différentes.



یولیا چووە داڵدەیەکی ژنان کە لەوێ زیاتر هەستی بە سەلامەتی کرد کە ماوەیەکی زۆر هەستی پێ نەکردبوو. ئەو ئەم شێوە هەستکردنەی نەبوو چونکە بەیانیان بە دەنگی باڵندەکان هەڵدەستا.

• • •

Yulia est allée à un foyer pour femmes, où elle se sentait plus en sécurité qu’elle ne l’avait été depuis un long moment. Elle ne s’était pas sentie ainsi depuis qu’elle se faisait réveiller par le chant des oiseaux le matin.

# LIDA Stories

lidastories.net

## دەنگی باڵندەکان لە بەیانیاندا

## Le chant des oiseaux le matin


LIDA Portugal
Vilius Aistis Vilimas
Dler Piran (ckb), Zina (fr)